
# کێ مێژوو ئەنووسێتەوە؟



ڤینۆس فایەق

ئەڵێن گوایا مێژوو خاوەن هێزەکان و سەرکەوتووەکان ئەینووسنەوە، ئەم بیردۆزەش لە کۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا لەو رووەوە کە ئایا پیاو مێژوو ئەنووسێتەوە یان ژن بەجۆرێک لەجۆرەکان زەق دەبێتەوە. هەڵبەتە بەوپێیەی کە ژن لە کۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا بە گشتی و بەتایبەت لە کۆمەڵگا خۆرهەڵاتی و دواکەوتووەکاندا لایەنی ژێردەستە و لاواز و شکستهاتووە، کەواتە ژن مێژوو نانووسێتەوە، بەڵکوو پیاو ئەینووسێتەوە.

دەشڵێن گوایا: «لە پشت هەموو پیاوێکی مەزنەوە ژنێک هەیە»، ئەم وتەیەی کە زۆر کەس بەداخەوە باوەڕیان پێهێناوە و ئەیلێنەوە و زۆرجار ئیجتیهادیشی بۆ کراوە، هەر ئەمەشە وایکردوە مێژوو پیاو بینووسێتەوە نەک ژن، ئاخر مێژوو ئەو پیاوانەش ناینووسنەوە کە لەپشت سەرکردە بەهێزەکانەوە رۆڵیان بینیوە، تەنانەت ئەو پیاوانەش ناینووسنەوە کە لە بەرەکانی پشتەوەی شەڕەکاندا جەنگاون و سەرکەوتنەکان لەسەر دەستی ئەوان بەدەستهاتووە، هەر ئەوانە ئەینووسنەوە کە لە ئیسراحەتا دانیشتوون و بەری سەرکەوتنە حازرەکانیان رنیوەتەوە، ئیدی ئەگەر ژنێکیش لە پشت پیاوێکی مەزنەوە رۆڵی گێڕابێت هەرگیز شەرەفی نووسینەوەی مێژووی پێنەدراوە و ناویشی نەبراوە، لە باشترین حاڵەتدا لە سێبەر و پەراوێزەکانی پیاوەکاندا باسکراون.

لەکوێی ئەمە تێدەگەم بۆچی رەگەزی نێر دراوەتە مێژوو، چونکە هەمیشە قارەمانێتی و دەسکەوتە سیاسی و گۆڕانکاریە گەورەکان و کودەتا کۆمەڵایەتیەکان و دەسکەوتە زانستیەکان و ...تاد هەموو بەناوی پیاوەوە کراون. باوەڕم وانیە ئەگەر حەپسەخانی نەقیب ئامۆزای شێخ مەحموودی حەفید نەبوایە و هاوسەری شێخ قادری برای شێخ مەحموود نەبوایە ئەو مێژووە نێرینەیە ئاوا باسی لێوە بکردایە و ئەو پێگەیەی بدایەتێ. بەبێ ناوهێنان ژنمان هەن کە لە ئێستادا ناوی دیارن، بەڵام ئەگەر بەراورد بکەیت هەمیشە ئەو ژنانە ناودارترن کە کچ یان خوشک یان هاوسەری پێشمەرگەیەکی شەهیدی ناوداری حزبێکن، یان بەشێوەیەک لەشێوەکان بەشانی پیاوێکدا هەڵزناون و گەیشتوونەتە پێگەیەک، بەڵام ئەو ژنانەی کە بەجۆرێک لەجۆرەکان بەشێوەیەکی عیسامی خۆیان پێگەیاندوە هەرگیز ئەو ناو و ناوبانگەیان نییە. هەمیشە مێژووی پیاوانەی ئێمە باسی ژنی یان لەسەر جێگای نووستن کردوە، یان لە خانەی چەوساوەیی و ژێردەستەیی، یان وەکوو لەشفرۆش یان بەهۆی چیرۆکێکی ئابرووبەرەوە ناوی براوە. ئەم بیردۆزە چ لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتی و چ لەزۆر بواری مەعریفیدا بە زەقی رەنگیداوەتەوە، بەتایبەت لە بواری راگەیاندن و بڵاوکردنەوەی هەواڵدا.

هەمیشە باسی ژن لە ژێر دێڕەکانی مێژوودا لە پەراوێزدا بووە، ئەگەر سەیری مێژووی چالاکیە کۆمەڵایەتی و مەعریفی و رۆشنبیریەکان بکەین هەمیشە باسی پیاو لە ریزی پێشەوە بووە، ئەگەر سەیری کورتە و درێژەی هەواڵەکان بکەین دەبینین هەمووی پیاوانەیە، ئەگەر سەیری سەر مێزی دانوستان و مشتومڕە سیاسیەکان بکەین هەمیشە دیوەخانی پیاوانە بوە، بۆیە لە باشترین حاڵەتدا لە میانەی سەرگوزشتەی پیاوێکدا ژن لە پشتی پیاوە مەزنەکاندا دانراوە.

تەنانەت مێژوو بەجۆرێک باس لە خۆکوشتنەکانی ژنەکان دەکات جیاواز لەوەی کە باس لە خۆکوشتنەکانی پیاوان دەکات، لەیلا عەلی بەهەر بەهانەیەک بێت کە بڕیاریدا کۆتایی بە ژیانی خۆی بهێنێت، دەیان چیرۆکی سەیر و سەمەرەیان لەبارەی خۆکوشتنەکەی هۆنیەوە و لەلایەن هۆکانی راگەیاندن و ئەو کەناڵەی کە تیا دەستبەکاربوو هیچ ئەو گرنگیەی ئەوتۆی پێنەدرا وەکوو ئەو گرنگیەی کە دەدرێت بە هەواڵی خۆکوشتنی پیاوێک، هەمیشە ئەگەر ژنێک خۆی کوشتبێت چیرۆکێکی پەیوەندیدار بە نامووسەوەی دوادەخەن، بەڵام زۆرجار کە پیاوێک خۆی کوشتبێت گوتراوە یان بلیمەتێکی گەورەبووە یان باری سایکۆلۆژی باش نەبوە یان ئەویشیان زۆرجار بەستۆتەوە بە رۆڵی ئابڕووبەری ژنێکەوە لە ژیانیدا بۆیە بڕیاری خۆکوشتنی داوە.

هیچی ئەمانە بە سەیر و سەمەرە نابینم کە بیر لە بۆچوونەکانی نیتشە دەکەمەوە، ئەو شاعیرەی مێژوو بە مەزن ناوی تۆمارکردوە، چونکە لە چیرۆکێکی خۆشەویستیدا نشوستی هێناوە. نیتشە باوەڕی وابوە ژن تەنیا بۆ چێژی سەر جێگا و خستنەوەی پیاوە مەزنەکان باشە و، بۆیە دەڵێ: «ژن تەڵەیەکە سروشت ناویەتیەوە»، بەڵام ئەگەر نیتشە ژن بوایە هەرگیز بە شاعیرێکی مەزن مێژوو ناوی نەدەبرد، بەڵکوو بە چیرۆکێکی ئابڕووبەر سەرگوزشتەی ژیانی ئەگێڕایەوە.

ئەمە بووەتە کەلتوورێکی دژبە ژن کە وایلێهاتوە فەخر و شانازیشی پێوە دەکرێت، بۆیە زۆرجار بە ژنیان گوتوە: بەدایکی کوڕان بیت، یان کە مردوویەک مردوە گوتوویانە تەمەنی درێژی بۆ کوڕەکان بەجێهێشتبێت. ئاخر شەرمەزاریە هەتا ئێستاش کەسێک بە ژنێک بڵێت بە دایکی کچان بیت، یان لەدوای مردوویەک تەمەنی درێژ بۆ کچەکانی بخوازێت، هەر لەو روانگەیەشەوە هەتا ئیستاش لە زۆر خێزاندا مەسەلەی میراتی دەبێتە کێشەیەکی گەورە، چونکە نابێت کچ بەقەدەر کوڕی بەرکەوێت، چونکە هەمیش پیاو سەردار و بەخێوکەر و بەڕێوەبەرە بۆیە ئەبێت بەشی شێری بەرکەوێت.

ژن بۆی نییە خەتیب بێت، بۆی نییە ئیمام بێت، ژن بۆی نییە پێشنوێژی بکات، تەنانەت بەپێی زۆر لە یاسای شارستانی لە زۆر لە وڵاتانی دواکەوتووی خۆرهەڵات بۆی نییە بەبێ مەحرەم سەفەر بکات، ئیدی چۆن بۆی هەیە مێژوو بنووسێتەوە؟

ئەگەر سەیری سەر مێزی دانوستان و مشتومڕە سیاسیەکان بکەین هەمیشە دیوەخانی پیاوانە بووە، بۆیە لە باشترین حاڵەتدا لە میانەی سەرگوزشتەی پیاوێکدا ژن لە پشتی پیاوە مەزنەکاندا دانراوە

ئەگەر ژنێکیش لە پشت پیاوێکی مەزنەوە رۆڵی گێڕابێت هەرگیز شەرەفی نووسینەوەی مێژووی پێنەدراوە و ناویشی نەبراوە

## دوای (١٥) ساڵ دادگایی ئازاد دەکرێت

# کوڕێک خوشکی خۆی کردە قوربانی حەزەکانی

لە نێو هەموو کۆمەڵگایەکدا کەسانی خۆپەرست هەن، کە ئەوەی بۆخۆیان حەزی لێ دەکەن و دەیانەوێت بۆ کەسانی دیکەیان ناوێت و حەزی پێناکەن، وەکو زۆرجار ئەم هەڵسوکەوتە لە نێوان ئەندامی خێزانەکان بەتایبەتی خوشك و برا روودەدات و برا ئامادەیە لە پێناو حەز و ئارەزووەکانی خۆی خوشکەکەی بکاتە قوربانی و ئابڕووی بەرێت و رووڕەشی دنیای بکات، ( ژاکاو ) ئەو کچە جوانکیلە تەمەن (٢٠) ساڵانە بوو کە لەگەڵ باوك و دایك و خوشك و براکانی لە ماڵێکی خنجیلانەدا ژیانێکی ئاسایی وەکو زۆر لە خێزانەکان دەژیان و تاوەکو برا گەورەکەی بە ناوی (ئومێد) کە ئەویان خێزانداربوو لەگەڵ کوڕێك لە شارێکی دیکە هاوڕێی پەیدانەکردبوو، هەرکە ئەو دوو کوڕە بوون بە هاوڕێ هامۆشی ماڵی یەکتریان دەکرد و رۆژ هاتوو رۆژ چوو ئەو هامۆشۆیە لە نێوان ئەم دوو هاوڕێیە زیاتر بوو تاکو گەیشتە ئەو رادەیەی (ئومێد) پەیوەندی لەگەڵ خوشکی برادەرەکەی پەیدا بکات و ئەو پەیوەندییە نهێنیەش نزیکەی دووساڵی خایان، (ئومێد) کەوا خێزاندابوو باوکی دوو منداڵ بوو نەیدەزانی چۆن لای برادەرەکەی باسی ئەم پەیوەندییە بکات کە لەگەڵ خوشکەکەیدا هەیبوو، ئۆقرەی لە بەر بڕا بوو تاوەکو رۆژێك لای برادەرەکەی ئەم باسە دەکاتەوە و داوای خوشکەکەی لێ دەکات بەڵام برادەرەکەی پێی دەڵێت: ئەم شتە مەحاڵە و نابێت چونکە تۆ خێزانداری و باوکی دوو منداڵی و حەزناکەم ئیتر ئەم باسەم لا بکەیتەوە، بەڵام ( ئومێد) ئەم باسەی بە بەردەوامی لا دەکاتەوە و برادەرەکەشی هەر وەکو جارانی پێشوو داواکارییەکەی رەتدەکاتەوە و ئیتر هاتووچۆی ماڵی (ئومێد) ناکات و برادەرایەتییەکەشی لەگەڵ دەپچڕێنێت و تەنانەت تەلەفۆنیشی لەسەر هەڵناگرێت، ماوەیەك بەمجۆرە دەمێننەوە (ئومێد) وای لێ دێت خۆی دەچێتەوە ماڵی برادەرەکەی و داوای لێبووردن و پاڕانەوەی لێ دەکات و دەعوەتی ماڵی خۆشیانی دەکات، بەمجۆرە پەیوەندی هاوڕێیەتیان ئاسایی دەکاتەوە و کەسیش لەم پیلانە ئاگادارنابێت کەوا (ئومێد) بە نهێنی وەکو ڕێوی فێڵباز دایدەڕێژێت، بۆ گەیشتن بە ئامانجی خۆی تاوەکو ئەو رۆژەی نیوەڕۆیەکی درەنگ دەنگی تەقەی کلاشینکۆفێك دێت و لەگەڵ ئەو دەنگەش دەنگی گریان و رۆرۆ لە ماڵی ( ئومێد) بەرز دەبێتەوە و خەڵکی گەڕەك هەموو بەرەو ئەوێ رادەکەن و چاویان بەچی دەکەوێت لاشەی کچێکی جوانکیلەی تازە پێگەیشتوو لە خوێن وەردراوە و لە باوەشی دایکە جەرگ سووتاوەکەی، خەڵکی گەڕەك سەریان سوڕدەمێنێ و سەد و یەك پرسیار لە مێشکیاندا پێویستی بە وەڵام دانەوە دەبێت و هەر خۆشیان وەڵامی خۆیان دەدەنەوە و دەڵێن: (ژاکاو) کچێکی زۆر بە ئەدەب و ئەخلاق بوو ئەو کچە تاوەکو ئێستا کەس بە خراپە باسی نەکردووە بۆ بەم دەردە چوو دەبێ هۆکار چی بێت گوللە لە دەست براکەی دەرچووبێت و بەر ئەو کەوتبێ ئەم پرسیارانەو سەدانی دیکەی بێ وەڵام، (ژاکاو) خرایە نێو ئۆتۆمبێل و بە پەلە برا بۆ نەخۆشخانەی فریاکەوتن، بەڵام بەداخەوە هەر لە رێگادا گیانی دەرچووبوو، دایك و باوکیشی سکاڵایان دژی کوڕەکەیان تۆمار کرد و لێکۆڵەوەر فەرمانی دەستگیرکردنی (ئومێدی) دەرکرد و (ئومێد) دەستگیر کرا بە تۆمەتی کوشتنی خوشکەکەی و لە بەندیخانەدا هەواڵی دایە برادەرەکەی کەوا خوشکەکەی لەبەر ئەو کوشتووە، چونکە پەیوەندی خۆشەویستی لەگەڵ ئەودا هەبووە کە بەربێت ئەویش دەکوژێت، برادەرەکەشی سوێند دەخوات کە بە هیچ جۆرێ پەیوەندی لەگەڵ ئەم کچەدا نەبووە و ئەوە بوختانە پێی دەکرێت، بەڵام لای دادوەر تاوانەکە بەمجۆرە تۆمار ناکرێت و لەکاتی وەرگرتنی وتەکانی، (ئومێد) خۆی بەبێ تاوان دەردەخات و دەڵێت: من بە ئەنقەست خوشکەکەی خۆم نەکوشتووە بەڵکو لە کاتی چەك پاککردنەوەدا گوللەی بەر کەوتووە، بەمجۆرە (ئومێد) بە ماددەی (٤٠٥ )ی کوشتن (١٥) ساڵ دادگای کرا و هەڕەشەش لە برادەرەکەی بەردەوام بوو، خزم و کەسی برادەرەکەی هاتنە نێو رووداوەکەو هەوڵی چارەسەرکردنیاندا لە نێو خۆیاندا، ( ئومێد) داوای خوشکی برادەرەکەی و مەبلەغێك پارە دەکات و برادەرەکەشی هەر پێشتر لە ئامانجە گڵاوەکەی (ئومێد) تێگەیشتبوو، بۆیە بە هیچ جۆرێ رازی نابێت خوشکی خۆی بداتێ مەگەر خۆی لەسەر دانابێ بەمجۆرە بە چەند دەفتەرە دۆلارێك ئەم بەڵایە لە کۆڵ خۆیان دەکەنەوە و، (ئومێد)یش هەر لە بەندیخانە دەبێت تاوەکو بڕیاری لێبووردنی گشتی دەردەچێت و دایك و باوکیشی لێی دەبوورێن و تاوانبارێکی راستەقینە بەر ئەو لێبووردنە دەکەوێت و ئازاد دەکرێت و کچێکی بێتاوانیش قوربانی حەزێکی براکەی دەبێت و بە جوانەمەرگی سەر دەنێتەوە .

ئامادەکردنی: خەندە گۆران





# کۆمەڵگە لە پیاوسالاری تا مرۆڤ سالاری چ مەودایەکی بڕیوە؟

**دیموکراتیزەکردنی کۆمەڵگە و هەنگاونان بەرەو بونیادنانی کۆمەڵگەیەکی مرۆسالار و نەهێشتنی جیاوازیی ڕەگەزی، دروشمی حکومەتی هەرێمی کوردستان بووە، بەڵام ئایا تا چەند حکومەت بە هەموو پێکهاتەو دامودەزگەکانیەوە خۆی لە نەریتی پیاوسالاری دەرباز کردووەو بەرەو کۆمەڵگەیەکی مرۆسالار و چەسپاندنی دیموکراسی هەنگاوی هەڵگرتووە؟ بەشداربووانی ئەم ڕاپۆرتەی گوڵان وەڵامی ئەو پرسیارە دەدەنەوە.**

**یاساش لە بەرامبەر نەریتی پیاوسالاری دەسەڵاتی نییە**

سەرۆکی لیژنەی کاروباری کۆمەڵایەتی و منداڵ و خێزان لە پەرلەمانی کوردستان (عەبدولسەلام بەرواری)، سەرەتا بە پێویستی دەزانێت چەمکی پیاوسالاری و مرۆڤسالاری لەڕووی زانستی کۆمەڵایەتییەوە شی بکرێتەوە، نەك تەنیا بەشێوەیەکی سادەو سانا باسی بکرێ، ئەو پەرلەمانتارە ڕایوایە «نەریتی پیاوسالاری لە زۆربەی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی بە کوردستانیشەوە نەریتێکی بەهێزەو شتێك نییە پەیوەست بێت بە حکومەت، یان حزبێك، یاساش دەسەڵاتی لەسەری نییە بتوانێ کەمی بکاتەوە، یان زۆری بکات، چونکە لەوەتی موڵکییەت لەکۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدا پەیدابووە، پیاوسالاری سەری هەڵداوەو ڕەنگە مێژووی ئەمە بۆ دەهەزار ساڵ لەمەوبەر بگەڕێتەوە، تا ئێستاش کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی گیرۆدەی سیستەمی پیاوسالارییەو دەشزانێت پێش ئەو ماوەیەش سیستەمی دایکسالاری بووە، بەڵام وردەوردە توانای ئافرەت بچووك کرایەوە، هەتا گەیشتە ئەو قۆناغەی کە پیاو کۆنترۆڵی هەموو کایەکانی ژیانی کرد».

### لەهەندێك وڵاتی پێشکەوتوو بەیاسا هەوڵی چەسپاندنی مرۆسالاری دەدەن

بەرواری هێما بۆ ئەوە دەکات کە کۆمەڵگەی پیاوسالاریش پێوەری خۆی هەیە و بە شوێن و وڵات دەگۆڕێ، وتیشی «لە هەموو دنیا کۆمەڵگەیەکی مرۆسالار بوونی نییە، چونکە کۆمەڵگەی مرۆسالار بە کۆمەڵگەیەك دەوترێ کە هیچ جیاوازییەکی ڕەگەزی لە ماف و کار و پیشە و تەنانەت بەڕێوەبردنی وڵاتیش نەبێت، بەڵام هەندێك وڵات خۆیان لە پێوەرەکانی مرۆسالاری نزیك کردووەتەوە و بە یاسا هەوڵی چەسپاندنی دەدەن».

ئەو پەرلەمانتارە سەبارەت بە هەنگاوەکانی پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان لەو بوارەدا وتی «پەرلەمان هەوڵی داوە بە یاسا مافەکانی ئافرەتان بپارێزێ و یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانیش یەکێکە لەو کارانەی، حکومەتیش هەنگاوی زۆری ناوە لەو بوارەداو پشتیوانی خانمانی کردووە، ئەنجومەنی باڵایشی بۆ داناون، بەڵام کۆمەڵگە تا ئێستاش گیرۆدەی خەسڵەتەکانی عەشایەرییە، هێشتا لە شارە گەورەکانیش گەڕەك هەیە بەناوی عەشیرەتە، واتا هێشتا نەریت و کەلتووری عەشایەری زاڵە بەسەر هەموو شتەکاندا، هەرەچەندە خەڵکەکە لەشار دەژی، کۆمەڵگەی ئێمە هێشتا کۆمەڵگەیەکی پیشەسازی نییە و کەلتوور و دابونەریت بەهێزترین دەزگای ڕێکخستنی کۆمەڵایەتییە کەخۆی بە دین چەکدار کردووە، کەواتە ئەمە دەبێتە ڕێگر لەوەی گۆڕانکاری بەو ئاڕاستەیە بێت کە جیاوازی ڕەگەزی نەمێنێ، بۆیە گۆڕانکارییەکان زۆر لەسەرخۆ و هێواشن» .

### دەسەڵات هەوڵی نەداوە مرۆڤسالاری بکاتە بنەمای بیرکردنەوەو کاری حوکمڕانی

عەلی کەریم سەرۆکی ئەنستیوتی کوردستان بۆ مافەکانی مرۆڤ، ڕایوایە «دەسەڵاتی کوردی نەك هەوڵی نەداوە بەو ئاڕاستەیە کە مرۆڤسالاری بکاتە بنەمای بیرکردنەوەو کار و حوکمڕانی، بەڵکو خۆی کێشەی تێگەیشتنی هەیە لەمرۆڤسالاری و بەشێکی زۆری کاربەدەستانی کوردستان بەتەواوی لەمافی مرۆڤ تێنەگەیشتوون، زۆربەی ئەوانەشی تێگەیشتوون، بڕوایان پێی نییە و لانیکەم بڕوایان تا ئەو شوێنە پێیەتی کە لەبەرژەوەندی ئەوان نەدا، چ ئابووری، یان سیاسی یان کۆمەڵایەتی، ئەو کەمینەیەش کە بڕوایان پێیەتی دیسان نەبۆتە ئەخلاق لایان و لە سلوك و پڕۆژە و ڕەفتارەکانیان ڕەنگی نەداوەتەوە».

سەرۆکی ئەنستیوتی کوردستان بۆ مافەکانی مرۆڤ نکۆڵی لەوە نەکرد کە هەندێك زەمینەسازی یاسایی کراوە بۆ ڕێزگرتن لەمافەکانی ئافرەت و نەهێشتنی چەوساندنەوەی لەکوردستان، بەڵام وتیشی «هاوکات نێرسالارییەك لەحزب و حکومەتدا خۆی پەرەپێدەدات، نموونەی بەرچاوی ئەوەیە لە دوو کابینەی شەش و حەوتەمی حکومەت تەنیا یەك وەزیری ئافرەت هەبووە و هەیە. ئەم ڕەگەزسالاری ڕێگەنادا نە سەرۆکی حکومەت و جێگرەکەی نە سەرۆکی هەرێم و جێگرەکەی نە سەرۆکی پەرلەمان و جێگرەکەی یان سکرتێری پەرلەمان، نە سەرۆکی ئەنجومەنی دادوەری و نە داوەرێکی دادگا باڵاکانی کوردستان ئافرەت بن، ئەمە جگە لەهەموو بوارەکانی ژیاندا ئەو نێرسالاریە ئامادەییەکی فراوانی هەیە . ئەم حاڵەتە نادروستەش سەرچاوەی چەندەها کێشە و قەیرانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوورییە بۆ کۆمەڵگە و مرۆڤایەتی بەرامبەر سفر دەکاتەوە، کاتێك نێر تەنیا لەبەر ڕەگەزەکەی هەموو شتێکە و ڕەگەزی مێ تەنها لەبەر ڕەگەزەکەی هیچ شتێك نییە، من دەڵێم نە پیاوسالاری و نە ژنسالاری بەڵکو مرۆڤسالاری هەوێنی بەختەوەری و سەرکەوتن و بیناکردنی ژیار و شارستانییەتە».

### هەوڵەکان بۆ نەهێشتنی پیاوسالاری کرچ و کاڵن

چۆمان هیوا، ڕۆژنامەنووسەو ئەویش سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت «بەشێوەیەکی گشتی ئەگەر وردبینانە لە سیاسەتی حوکمەت بڕوانین، دەبینین تا ڕادەیەکی زۆر سەرکەوتوو نەبووە لە بونیاتنانی کۆمەڵگەی مرۆسالار، کە ئەمەش فەراغێکی گەورەی دروست کردووە لە بەدەرخستنی تواناکانی ڕەگەزی مێ لە کوردستان» .

چۆمان ڕەخنە لەوەش دەگرێت کەتابووەکانی کەلتووری نەشکاون، سەبارەت بە ڕۆڵی دەسەڵاتی کوردیش لەو بوارەدا دەڵێت «ئەوەی بە کەموکوڕییەکی گەورە دادەنرێت ئەوەیە کە حوکمەت نەیتوانیوە ئەو ڕێچکە کەلتورییە بشکێنێت کە پاشخانێکی زۆر خراپی هەیە و وەك میراتێکی نەخوازراو بۆمان ماوەتەوە، بۆیە لەبری ئەوەی بەیەکجاری ئەم ڕەوشە بەکۆتا بێت، دەبینین حوکمەت جیاوازی دەکات، لە دوو کابینەی حکومەت یەك وەزیری ئافرەتمان هەیە ئیتر چۆن باسی مرۆسالاری بکەین؟ پیاوان هەموو پۆستە ئیداری و سیاسییەکانیان قۆرخ کردووە بۆیە هەوڵەکان بۆ نەهێشتنی پیاوسالاری کرچ و کاڵن و لە دۆخیك نییە کە جێگەی دڵخۆشی و دەستخۆشی بێت».

### ئامارەکانی توندوتیژی دەیسەلمێنن کە پیاوسالاری و جیاوازی ڕەگەزی چۆن کارەسات دروست دەکات

شلێر باپیری، ڕۆژنامەنووس و چالاکی بواری مافەکانی ئافرەت، پێیوایە وەڵامی پرسیارەکەی ئەم ڕاپۆرتەی گوڵان، لە وەڵامێکی کورتدا شرۆڤە ناکرێت، چونکە «زۆر لێکدانەوەی جیاوازی دەوێت و دەبێ هەرلەسەرەتای دەسەڵاتەوە بەدواداچوون بۆ کارەکانی بکرێ و فەزاکە هەڵبسەنگێندرێ. بەڵام بەگشتی دەسەڵات هەوڵی بونیاتنانی کۆمەڵگەیەکی مرۆسالاری داوە و پڕۆژەشی بۆی هەبووە، بەڵام وەکو پێویست نەبووە و ڕێگریشی زۆر بووە، ڕێگرەکانیش زیاتر نەریتی و کەلتوورین، ئامارەکانی توندوتیژی ئەوەمان پێ دەڵێن کە تا ئێستاش پیاوسالاری و جیاوازی ڕەگەزی کارەسات دروست دەکات، بۆیە پێویستە حکومەت و هەموو دەزگە ناحکوومییەکانیش هەوڵەکانیان زیاتر بکەن بۆ ئەوەی جیاوازی ڕەگەزی نەهێڵن و بە یەکسانی ژن و پیاو سەرلەبەری پێکهاتەی کۆمەڵگە بەرەو مرۆسالاری ببەن و دەسەڵاتیش دەبێت باوەڕی بە دروشمەکانی هەبێت، لە ئاستی بەڕێوەبردنی وڵاتدا دەرفەتی زیاتر بە ئافرەت بدات».

باپیری وتیشی «بەشێکی ئەو کەسانەی کە لە دەسەڵاتدان، تا ئێستا بەو باوەڕە نەگەیشتوون کە ژن مافی یەکسانی لەگەڵ پیاو هەیە و تەنیا بۆ خزمەتی پیاوی دەبینن. بۆیە دەبێ دەسەڵات لەڕێگەی کەناڵە ڕاگەیاندنەکانی و ئامڕازەکانی دیکەوە کار لەسەر گۆڕینی ئەم کۆمەڵگە پیاوسالارە بکەن، ئەوەش پلانی درێژخایەنی دەوێت و هاوکات هەنگاوەکان نابێت سست بن».

عەبدولسەلام بەرواری:

**لە کۆمەڵگەی ئێمە کەلتوور و دابونەریت بەهێزترین دەزگای ڕێکخستنی کۆمەڵایەتییە کە خۆی بە ئایین چەکدار کردووە**

چۆمان هیوا:

**لە دوو کابینەی حکومەت یەک وەزیری ئافرەتمان هەیە ئیتر چۆن باسی مرۆسالاری بکەین؟**

عەلی کەریم:

**بەشێکی زۆری کاربەدەستانی کوردستان بەتەواوی لەمافی مرۆڤ تێنەگەیشتون**

# کێشە کۆمەڵایەتییەکان بە قوربانیدانی رەگەزی مێ چارەسەر دەکرێن

**لە دوای چاخی بەردینەوە تا هەنووکە ئافرەت بە شێوازی جۆراوجۆر دەکرێتە قوربانی، پێش هاتنی ئیسلام کچان لەلایەن پیاوانی عەرەبەوە زیندەبەچاڵ دەکران، تا ئێستاش لە وڵاتی تایوان هۆزێک هەیە ساڵانە جوانترین کیژی خۆیان لە تەمەنی ١٤ ساڵی دەستنیشان دەکەن و دوای ئەوەی دەیکوژن و خوێنەکەی دەخۆنەوە، چاوەڕوانی ئەوە دەکەن، خواوەندەکانیان لە بەڵا بیانپارێزێ.. لە کوردستانیش کەم نین ئەو ئافرەتانەی کە بە شێوەی جیاواز قوربانی دەکرێن، هێشتا ئافرەت، ژن بە ژنێ و گەورە بە گچکەی پێدەکرێ و بنەماڵەی بکوژ لە بری خوێن بە خێزانی کوژراوی دەدات، رۆژانەش گوێبیستی کوشتن و خۆکوشتنی ئافرەت دەبین، بۆیە پرسیار ئەوەیە تاکەی کێشە کۆمەڵایەتییەکان بە قوربانیکردنی ئافرەت چارەسەر بکرێ و چۆن بەسەر نەریتە سوواوەکاندا زاڵ بین؟**



**یاساکان ناتوانن لە کۆمەڵگەیەکی نەریتپارێزدا باڵادەست بن**

ئافرەتان لە زۆربەی کۆمەڵگەکانی جیهان بە هەرێمی کوردستانیشەوە لەهەموو کێشە کۆمەڵایەتییەکاندا پشکی شێریان لە قوربانیبوون بەردەکەوێت، یەکێك لە هۆکارەکانیشی بۆ ئەوە دەگێڕنەوە کە یاساکان ناتوانن لە کۆمەڵگەیەکی نەریتیدا باڵادەست بن.

پارێزەر ڕازاو عەبدول وەك چالاکوانێکی بواری ئافرەتان ڕایوایە «دەسەڵاتی سیاسی و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی ڕێگەخۆشکەری سەرەکین بۆ ئەوەی ئافرەتان ببنە قوربانی کێشە کۆمەڵایەتییەکان، هەرلەوبارەیەوە دەڵێت «بێگومان هەر کەباسی کێشەو گیرگرفتەکانی ئافرەت دێتەپێشەوە، کۆمەڵگە و خێزان تاوانبار دەکرێت، بەڵام بە بڕوای من هۆکاری سەرەکی نەبوونی دەسەڵاتێکی سیاسی خاوەن ئیرادەیە کە وەك پێویست کار بۆ پاراستنی مافەکانی ئافرەتان بکات و بیەوێت ئافرەت وەك مرۆڤ پێناسە بکات، ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنیش بەهیچ شێوەیەك خزمەتی دۆسیەی ئافرەتانیان نەکردووەو زیاتر هۆکارێك بوون بۆ ئەوەی ئافرەت ببێتە قوربانی». بەبڕوای ڕازاو «ڕێکخراوەکان هەمیشە سیمینار دەکەن و دەڵێن ئافرەت بۆتە قوربانی، بەڵام کار بۆ ئەوە ناکەن کە چۆن ئافرەت لەکێشەکان بپارێزن». ئەو پارێزەرە نموونەی ئەوەی هێناوە کە «ئافرەتێکی فەرمانبەر منداڵێکی هەشت ساڵانی هەیەو منداڵەکەی کاتژمێر ١٢ لەدەوامی قوتابخانە دێتەوە، بەڵام دایکەکەی سێ کاتژمێر دوای ئەوە دێتەوە، منداڵی ئەو تەمەنەش جگە لەوەی لەوانەیە لە تەنیایی بترسێت، ئەگەری ئەوەشی هەیە لەماڵەوە دەست بۆ ئاگر و شتی مەترسیدار بەرێت، ئایا ڕێکخراوەکانی ژنان و ئافرەتان تائێستا بیریان لەوە کردۆتەوە کە کێشەکانی ئەو دایکانە چارەسەر بکەن؟ با ڕێکخراوەکان بێن هەوڵی چارەسەری ئەو کێشانە بدەن، نەك ئافرەت بکەن بە دوژمنی کۆمەڵگە».

**نەبوونی سیستەمێکی باش گرفتی زۆری دروستکردووە**

ڕازاو عەبدول لەبەشێکی دیکەی قسەکانیدا باس لەکەموکوڕی یاساکان دەکات و دەڵێت «یاساکان ناتوانن لە کۆمەڵگەیەکی نەرتیدا باڵادەست بن، یاساکانی هەرێمیش ڕۆڵی ئافرەتیان سڕیوەتەوە، ئەگەر تەماشا بکەین، دەبینین ئەو خیزانانەی کە لە ئەورپا هاتوونەتەوە، تێڕوانیان بۆ ئافرەتان زۆر جیاوازە، چونکە ئەوان لە یاسای ئەورووپی شارەزا بوون، کە بەرگری لە ئافرەت دەکات و ئافرەت و پیاو وەك هاوڵاتی سەیردەکات». بەبڕوای ڕازاو نەبوونی

سیستەمێکی باش گرفتی زۆری دروستکردووەو ئەو پیاوانەش کە لە بەندیخانەکانن، ئەوانیش بە «قوربانی کۆمەڵگەو دەسەڵاتی سیاسی»هەژمار دەکات. جەختیش لەوە دەکاتەوە کە «هێشتا لە لادێیەکان ئافرەتی کورد لەساڵانی پەنجاکان دەژین، حکومەتیش مووچەیەکی بۆیان بەناوی پێشمەرگەی دێرین یان خانەنشین بۆ بڕیوەتەوە کە گەورەترین زیانی لە ئافرەتی گوند داوە، چونکە جاران ئەوان شانبەشانی پیاوان کشتوکاڵیان دەکرد، بەڵام ئەمڕۆ بوونەتە کەسانێکی بەرخۆر واتا حکومەت ڕۆڵی ئافرەتی سڕیوەتەوە».

## خێزان حیسابی میوان بۆ ئافرەت دەکات نەک خاوەن ماڵ

پارێزەر ڕێزان دلێر مستەفا لە ڕێکخراوی هارتلاند، سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت «بێگومان ئافرەت هەر لەبنەڕەتەوە لە ناو خێزان حیسابی میوانیان بۆ کردووە، نەك خاوەن ماڵ، بۆیە لە کۆمەڵگەش بە هاووڵاتی پلە دوو تەماشای کراوە، هەر لەبەر ئەمەش تووشی هەر کێشەیەك بێت دەکرێتە قوربانی یەکەم». نموونەش بەوە دەهێنێتەوە کە «ئەگەر ژنێك تووشی خیانەتی هاوسەری بێت، ئەوا بۆ ژنەکە سزاکە زۆر قورسە، بەڵام بۆ پیاوەکە زۆر ئاساییە خیانەت لە ژنەکەی بکات، تەنانەت کێشەی ژن ڕووبەڕووی یاساش بێتەوە، سزاکەی زۆر قورسەو دوو ئەوەندەی پیاو لەسەری دەکەوێت».

## لەکوردستان یاسای پاراستنی ئافرەت هەیە، بەڵام ئافرەت چۆن دەستی بەو یاسایەدا دەگات؟

ڕێزان هێما بۆ ئەوەش دەکات کە «لەساڵی ٢٠٠٨ بەڕێوبەرایەتی نەهێشتنی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان دامەزراوە، پێشتریش شڵتەرەکان بۆ داڵدەدانی ئافرەتانی هەڕەشەلێکراو لەساڵی ١٩٩٩ هەبووە، ئەوەش مانای وایە لەڕووی یاساییەوە تاڕادەیەك هەوڵدراوە پشتیوانی ئافرەت بکرێت، ئەمە بێجگە لەوەی کە لەیاسادا ئێستا کوشتنی ژن و پیاو وەك یەك وایەو هیچ جیاوازییەکی نییە، هەروەها لەساڵی ٢٠١٢ یاسای نەهێشتنی توندوتیژی خێزانی هەموارکرا، کە تایبەتە بە پاراستنی خێزان، واتا لەکوردستان یاسا هەیە بۆ پاراستنی ئافرەتان، بەڵام ئەوەی گرنگە، ئەوەیە چۆن ئافرەت دەستی بەو یاسایەدا بگات، واتا کێشەکە لە کۆمەڵگەیە لەبەر ئەوەی تا ئێستا کۆمەڵگە تەقەبولی یەکسانی ئافرەت و پیاو ناکات، ئەگەر ئافرەتێك شکات لەمێردەکەی بکات، کۆمەڵگە چۆن مامەڵەی لەگەڵ دەکات؟ یان ئەگەر پیاوێك ژنەکەی بچێتە شەڵتەر دوای ئەوەی وەریدەگرێتەوە چۆن مامەڵەی لەگەڵ دەکات؟ کەواتە کێشەکە نەریتە نەك یاسا».

## کێشەکە نەریتە نەك یاسا

سەفین کەمال توێژەری دەروونییەو ئاماژە بەوە دەکات کە لەسەردەمانێکدا ئافرەت وەك مرۆڤ تەماشا نەکراوە، ئەمەش ڕەهەندێکی دروستکردووە کە پیاو وەك مرۆڤی پلە یەکە و ئافرەت وەك پلە دوو سەیر بکرێ. بە بڕوای سەفین ئەم بیرکردنەوەیە بنچینەی کێشەکەیە و وتیشی «جیاوازی ڕەگەزییە کە وایکردووە ئافرەت بۆ خۆشگوزەرانی پیاو بەکار بێنن و تەنانەت پیاو خاوەنی گیانی ئافرەتەکەش بێت». ئەو توێژەرە دەروونییە ئەوەش دەخاتەڕوو کە لە ساڵی ٢٠١٢ ڕاپۆتی نەتەوەیەکگرتووەکان ئاشکرای کردووە کە (٤٠٪ بۆ ٦٠٪)ی ئافرەتان لە وڵاتانی ئوسترالیاو وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەلایەن ئەو پیاوانەوە کوژراون کە لەگەڵیاندا ژیاون، ئەوەش بە «ڕێژەیەکی زۆر مەترسیدار» هەژمارە دەکات، وتیشی «لە فەرەنسا کە وڵاتێکی ئەوروپییەو خۆی بە لانەی شارستانییەت دەزانێت، سێ ڕۆژ جارێك ژنێك لەلایەن مێردەکەیەوە دەکوژرێت، ئەمە ئەوە دەردەخات کە لە هەموو جیهاندا پیاو خۆی بەکەسی پەلە یەك ئافرەت بە پلە دوو دەزانێت». سەفین ئەوەشی دووپات کردەوە کە «لە کوردستان یاساکان ناتوانن ڕێگە لەتوندوتیژی بگرن، چونکە یاسا بەرامبەر بەکەسە حزبی و چەکدارەکان دەستەوەسانە».

## کەسێکی سیاسی دەتوانێت ئافرەت بە دەستوورێکی یاسایی لەکێشەکان ڕزگاربکات

پەرلەمانتار ئاشتی عەزیز سالح ئەندامی لێژنەی بەرگری لەمافی ژنان و ئافرەتان جەخت لەوە دەکاتەوە کە «ئافرەت هەمیشە قوربانی یەکەم بووە لەکێشە کۆمەڵایەتییەکان»، بۆ ئەوەش چەندین فاکتی جیاوازی ئایینی و کۆمەڵایەتی و کەلتووری و سیاسی دەخاتەڕوو کە هەر کامیان لە ڕوویەکەوە غەدر لەئافرەت دەکەن». وتیشی «کەمتەرخەمی پیاوە سیاسیەکان هۆکارێکی سەرەکییە لەوەی ئافرەت ڕووبەڕووی توندوتیژی و کوشتن ببێتەوە، چونکە کەسێکی سیاسی دەتوانێت ئافرەت بە دەستوورێکی یاسایی لەکێشەکان ڕزگاربکات».

## یاساکانی کوردستان و عێراق لەگەڵ سەردەمی ئێستا ناگونجێت

ئەو پەرلەمانتارە جەختی لەوەش کردەوە کە یاساکانی کوردستان و عێراق لەگەڵ سەردەمی ئێستا ناگونجێت، وتیشی «یاسای سزادانی عێراقی ساڵی ١٩٦٩ بەهیچ شێوەیەك بۆ ئێستا گونجاو نییە، چونکە ئافرەت و پیاوی لەیەکتری جیاکردۆتەوە، لە یەکێك لە بڕگەکانی یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی ڕێگەی بە لێژنەیەك داوە بە ناوی (لێژنەی ئاشتەوایی) سوڵحی عەشایەری بکات، ئەمەش جۆرە غوبارێکی لەسەر یاساکە دروستکردووە، کە ئافرەت دەکاتە گەورەترین قوربانی سوڵحی عەشایەری».

## ئەو شتانەی بەناوی ئایینەوە بەرامبەر بەئافرەت دەکرێت، نەریتی کۆمەڵگەیە نەك ڕێسای ئایینی

مەلا عەبدوڵڵا شێرکاوە، سەرنووسەری گۆڤاری پەیامی زانایان، لە ڕوانگەی ئایینی بۆ پرسە دەڵێت «ئایینی پیرۆزی ئیسلام هەمیشە بە چاوێکی دادوەرانە مامەڵەی لەگەڵ هەردوو ڕەگەز کردووەو هیچ جیاوازییەکی لەنێوانی هەردوو ئافرەت و پیاو نەکردووە». گوتیشی «ئایینی ئیسلام هەمیشە هانی دادپەروەری داوە، باشترین بەڵگەش بۆ ئەمە ئەو فەرموودە پیرۆزەی پێغەمبەری ئیسلامە، دروودی خودای لێ بێت کە دەڵێت: هەر کەسێك ڕێزی ئافرت بگرێت، بۆ خۆی کەسێکی بەڕێزە و هەر کەسێکیش ڕێزی ئافرەت نەگرێت، خۆی کەسێکی بەڕێز نییە». گوتیشی «گەورەترین زوڵم ئەوەیە ئافرەت وەك کالا مامەڵەی پیوە بکرێت، بۆیە بەهەموو شێوەیەك ئایینی ئیسلام دژی ئەوەیە کە ئافرەت بۆ سوڵحی عەشایەری بەکاربێت، چونکە ئافرەت مرۆڤە و هیچ کاتێکیش مرۆڤ لەبری کاڵا بەکارنایەت، ئەو شتانەش کە ئەمڕۆ بەناوی ئایینەوە بەرامبەر بەئافرەت دەکرێت، نەریتی کۆمەڵگەیە نەك ڕێسای ئایینی».

پارێزەر ڕازاو عەبدوڵ:

**پێویستە ڕێکخراوەکان هەوڵی چارەسەری کێشەکان بدەن، نەک ئافرەت بکەن بە دوژمنی کۆمەڵگە**

پارێزەر ڕێزان دلێر:

**ئافرەت هەر لەبنەڕەتەوە لە ناو خێزان حیسابی میوانیان بۆ کردووە، نەک خاوەن ماڵ، کۆمەڵگەش بە هاووڵاتی پلە دوو تەماشای کردووە**

مەلا عەبدوڵڵا شێرکاوە:

**بەهەموو شێوەیەک ئایینی ئیسلام دژی ئەوەیە ئافرەت بۆ سوڵحی عەشایەری بەکاربێت**

پەرلەمانتار ئاشتی عەزیز:

**کەمتەرخەمی پیاوە سیاسیەکان هۆکارێکی سەرەکییە لەوەی ئافرەت ڕووبەڕووی توندوتیژی و کوشتن ببێتەوە**